نیشتیمانی سارا و پرسیاری: کێ خەلکی شاری سلێمانییە؟.. بەکر ئەحمەد

لەسەر دیواری یەکێک لە فارگەنەکانی شەندەفاری بارهەنگری" دان پاگیس" کە جووکانی تەدا دەگوزرایە بە ئاوشویتز، بە تەباشیر نووسراوە:" لێرە، لەم فارگەنەدا، من کە ناوم ئەفایە ، لەگەڵ هابیلی کوڕم دانیشتووین. ئەگەر کەسێک قابیلی کوڕی ئادەم، کوڕە گەورەکەم دەبینێ، تکایە پێی بڵێن کە من.....". (1). نووسینەکی بەجێماو و چارنووسی لەیەکهەڵوەشاوەی خەزانێک.

لەسەر ڕاستە شەقامەکی شاری سلێمانی کەبەناو گەڕستانی ٤٠ ساڵەک لەمەوبەری جووکانی شاری سلێمانیدا تەدەپەڕێ، پیرەمێردێکی جوو، لەسەر شەستەی قەراغی شەقامەکە دادەنیشێت و دەست دەکات بەناو تووڕەکەکەی شانیدا. بەردێک دەردێنێ و لەسەر چیمەنتەی لەوارەکە دایدەنێ. ئەو چاوەکانی دادەخات و لەبەر خۆیەوە دەڵێ:" لە ڕۆژی و تەمەنی ئەبەدییەتی خەتدا، یادی ئێمە هەڵبگرێ و بە نەوەی داهاتووی ئێم شارە بڵێ کە ئێمەش لێرە بووین".(2)

لە دیمەنی یەکەمدا، ئەڤای دایک ئووەمد دەخوازێ کە کەسێکی دی ئێم پەیامە بە قابیلی کورە گەورە بگەێنێت کە دایک و برای بچووک ، لێرە بوون. لە فارگەنێکی قەڵەباغدا بەرەو ئاوشویتز.
لە دیمەنی دووەمدا، ئێمە ڕووبەڕووی ڕووخساری باپیرە "خایم"ین کە لە دوا ڕۆژەکانی تەمەنیدا، دەتەوێ بە ئەو شارەی ڕۆژگارێک لە یەکێک لە گەڕەکە لەپەراویزخراوەکانی خەیدا ، لەودیووی سنووڕەکانی شیوەکەی جوولەکانەوە، خەی و هەزارەها ئینسانی دیکەی وەک ئەو لەوەدا دەژیان. هاتەوە و دیەوە بە ڕێبوارانی سەرشەقام بڵێ: ئێمەیش لێرە بووین.

"نیشتیمانی سارا" ئەو ڕێمانەیە کە لەناو ئەدەبیاتدا بە ژانری" سەردی سەجەلەی خەزانی" ناوزەدەکرێت. "مو یان" لە ڕێمانی " خیمین ناو و حەوت ژیانەکەی" دا سەجەلەی چوار نەوەی دوای سەرکەوتنی شەشی چین دەگێڕێتەوە و لە ڕێگەی 7 جار زیندووبونەوە لە گیانی ئاژەڵەکی تردا، دەبێتە شاهیدی مێژوویەکی 50 ساڵەی وڵاتەک. ڕێنگە نزیکترین کارەکیش لە ئەدەبیاتی کوردیەوە ڕەمانی " بەیانییەکەی

جەنین"ی سەزان ئەبولحەوا" بێت کە لە ڕەگەی چارەنووسی خەزانی جوتیارێک بە ناوی "یەحیا عەبدول حەیيە" کە کەسێکی سادەی گوندی "عەین حود"دە وسەرقاڵی ناشتنی داری زەیتوونە لە دەکەی خەیدا، هەموو تراژیدیای ئەوەی ئەمڕۆ بە کۆشەی فەلەستین ناودەبرێت دەخاتەووە. لە کەیسی هەردوو ئەم ڕەمانانەدا، نووسەر لە هەڵبژاردنی ژیانی کەسیك یان خەزانێکدا، هەوداوە سیاسی و مێژوویەکانی ئەو سەردەمەی کە دەکرێ مەبەستی نووسەرە، لە کەسایەتیەکانی خەزاندا بەرجەستەدەکات. ئەوەی میرانیش لەم ڕەمانەدا دەیکات، هەڵبژاردنی بنەماڵەیەکی جووی شاری سەلەمانییەو لە ڕیگەی وێچەکانی ئەم بنەماڵەیەوە، میژووی جووەکانی شارەکە و هەوداوە مێژوویەکانی دەوروبەری کەسایەتیەکان دێتە بەر گەرانەوە. بەم نێگەرانەوەیەکی ئاسایی. بەکو هەژاندنی ئەو پرسیارە هەرگیزنەکراوەی کە کەمەگای کوردی قەت لەخەی نەکردووە: کە بوون ئەوانەی لە گەڕەکی جوولەکاندا بوون و چیيان لێهات؟
ئینسان کاتێک لە خوێندنەوەی ئەم ڕەمانە تەواو دەبێت، دەپرسێ: بۆچی ئەم کەمەلگایە و سیاسییەکانی، شاعیرەکانی و نووسەرەکانی ئەم بابەتیان لە بیرەنگییەکی ئاوا کوشندەدا هەشتووەتەوە.؟ کامێرە ئەو "گا پیرەزانە"ی کە دەکرا بەسەربەین بدرێن ئەگەر ئەم زانیارییانە پێشوو تر بدرکێنرانایە"

میران لە نیشتیمانی سارادا، لەسەر هەڵەکی ئاسایی زەمانەوە، لە ڕیگای خایمی گەنجەوە، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە و لە ڕیگای ژمارەیەکی زۆر لە خزم و دەست و دوژمن و کەسایەتییە سیاسی و ئەدەبییەکانی شارەوە، بە ئاماژە بە بۆشکی گرنگی ڕووداوە سیاسیەکانی ژیر دەسەاتدارێتی ئینگلیز، تابلۆیەکی خوێناوی و تراژیدیای "جووبوون" لە مەملەکەتێکدا دەخاتە بەر تیشک کە قوربانیبوونی کورد و تراژیدیا کانی ئەو، ئەو غاڵەیە بە خەیاڵی کەسدا ناهێنێت کە ئەم کوردە قوربانییە لەخوێندا گەوزێنراوە، هێندە دڵنیایەکی خەماڵی بوو بێت لە بەرانبەر هاونیشتیمانیانی خەیدا کە سەر بە ئاینێکی دیکەن.
نیشتیمانی سارا، ئەگەر چی وەک تابلۆی جووی قوربانی و حەکایەتە تراژیدی و غوربەتە ئەبەدیيەکەی ئەو دەکرێ سەرنجی لەبەدرێ، هاوکاتیش دەبێتە حەکایەتی قوربانییەکی دی کە خەی دەبێت بەجێهێلاد . سەیرەکە لەوەدایە کە تا ئێستاش ئەم قوربانییە ڕەنگە ئەم شووناسە بە خەی قبوڵنەکات و لە بەرگی قوربانییەکی هەمیشەیدا هەکار بە ئەم هەڵوێستە خەی بهێنێتەوە. بە واتایەکی دی، سەرنجدانە لە کورد وەک جێلادێک نەک قوربانی.

من لە گەرەکی "گاوران"دا لە دایک بوم و گەورە بووم. لە نزیکەوە ئاگاداری ژیان و پەیوەندی خەلکی گەرەک و مەسیحیەکانی ئەم گەرەکە بچکۆلانەیە هەم. ئەو هێژگارەی کە نەوەی من چاودێکاتەوە و گەرەکەکانی شار دەناسێ، گەرەکی جوولەکان دەمکە چۆلکراوە. بۆلام ئەگەر ئەم گەرەکە چۆلیش نەکرایە و لە شوێنی خۆیشیدا بوایە دەکرا ببینرێت؟

بە بۆای من، کاتێک ئینسان گۆڵێک دیمەنی ناو هێمان دەخوێنێتەوە، وە دوای دەرچوونی هێمانیش گوێبیستی سەرگووزشتەی بەشێک لە پیرەمێردەکانی شار دەبێت، هەستدەکرێت کە گەرەکی جوولەکان و هاوڕاتیانی ئەو هیچ کاتێک نەبینراون و لێدان و بەردبارانکرنی ئەوان و ماڵەکانییان هیچ شتێک نەبووە جگە لە پرسیارێکی درێژی هێواردنەکی سیستیماتیکانە لەبەرانبەریانەدا بە مەبەستی نەبینینیان. هەڵبژاردنی شوێنی گۆڕێک لە نزیکی گواوی شارەوە و لە پڕاوەزی شاردا، لەبەرچاوددوورخستنەوەی جووکانە لەو هووبارە کەمایەتییەی کە پەی دەوترێت شار. بەردبارانکرنییان کاتێک دینەدەر، کششکی بەئاگاهێنانەوەی ئەوانە کە: سنووورکانی خۆتان بزانن و بگەڕێنەوە بە ناو کونجی زڕابکانی خۆتان!

" لە دوای قوتابخانە بە غاردان بۆلای گەرەکی سەرشەقام و چواریاخدا تێدەپەڕین. بەردەوام منداڵانی ئەو دوو گەرەکە بەردیان تێدەگرتین تاکو سنووری گەرەکی جوولەکان دوامان دەکەوتن". هەنگێ ئەم دیمەنە بەتاوانی "خایم"ی منداڵ هیچ نەبێت لەچاو ئەو دیمەنانەی تردا کە لە ڕەمانەکەدا دێنە بەر باس.

تراژیدیای ئینسانی جوو، لە بوارەکانی ئەدەبدا بە فراوانی تەمارکراوە. هەڵەکەستی جووکان ئەگەر چی وەک کششی نازیزم و ئانتیسیمیتیزمی جیهانی دەکرێ سێیری بکرێت بە قەکردنیان، کەچی لە جیهانی مەمڵەکەتی سارا و ئەو جوگرافیایەی پییدەوترێت جیهانی عەرەبی، لانی کەم بە نەوەی من کە لە سەرتاکانی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا لە سلەمانیدا ژیاوە، بابەتی خوێندن نەبووە.

تەنانەت سیاسەتی ئانتیسیمیتیزمی دەوڵەتی هێسمی لەم ناوچەیەدا کارەکی کردووە کە جووبوونی یەکسانکرتەوە بە لایەنگری بە دەوڵەتی ئیسرائیل و لە فراوانکردنەوەی ئانتیسیمیتیزمی کولتوریدا کە ئایین لە پڕەپێدانیدا بەشی شێری پێبەراوە، دەزگەخەکی سیاسی و کولتوری دەخوێقێنێ کە تەنها لە هێژگارە هێشکانی ناوڕاستی سیێکانی ئەلمانیای نازیدا دەکرێ نموونەی لێبدەزیتەوە.

"نیشتیمانی سارا" وەک کارەکی ئەدەبی و سەرکەوتوو، بە هەر تێبینییەکی ئەدەبییەوە لەسەر دەژبوونی هێمان و مامەڵەکردنەکی

ڕاپەڕیانە بە بەشێک لە ڕووداوە سیاسییەکانەوە نەک ئەدەبیانە، هەشتاش ئەو وزە گەورەیەی تەدایە کە ئەو پرسیارە لە کەمالگای کوردی و بە تایبەت سەرجەم خەلکی شاری سلێمانی بکات : ئەی ئەوان چی بووە لەم پرسەی هەڵاواردن و ڕەفتارنەواندنیەکی ڕاسیستییانەدا بەرانبەر جووەکانی شارەکەیان کە دەرئەنجامەکەی ناچارکردنی جووەکانی ئەم شارەیە بە جێهێشتنی ولات و یان تێکشکاندنی ڕەحیەتی دەروونی سەدەها ئینسانی ئەم کەمالگا بچووکەی کە ڕۆژانە دووچاری سووکایەتیکردن دەکرایەوە.

دەربەینە پە لەفرمسک و خونناویەکەی باپیرە خایم:" ئەمش لەرە بووین"، خاڵی کۆتای سەفەرەکە بە ئینسانی جوو لە ولاتێکدا کە ئامادەیی ئەوان چەندین هەزار ساڵ بە مێژووی ناوچەکەدا تەدەپەڕێت. جووەکانی عەراق و کوردستان، پاشماوەکانی ئەو مێژووە تەوراتییەی جووە کە دەوڵەتی یەهودا تێکدەشکێنرێت و سەرەک و هاولاتییەکانی ئەم نیمچە ئیماراتە دەگوێزرێنەوە بە ژێردەسەلاتی بابلییەکان لە 500 ساڵ لە پێش زاینەوە. ئەوەی کە لە مێژوودا بە " دیلەکانی بابلییەکان" دەناسرێتەوە و وەک یەکەمین دیاسپۆرای جوو ئاماژەی پێدەدرێت.
" ئەمش لەرە بووین"، تەنها دەنگی پەرەمردەکی جووی کوردستان نییە ، بەڵکو هاواری سەدەها هەزار لە ئینسانە کە مێژوویەکی درێژ لەناوماندا ژیاون و بەشێک لە مێژووی ئەم ولاتە بەرهەمی کار و دەستکردی ئەوانە.

شەوی بلووری و ئێژی فەرهود
" عباس شبلاق" لە کتێبی "هجرة أو تهجير: ظروف وملابسات هجرة يهود العراق" (3) دا پێیوایە کە جووەکانی خەرەلات لەناویشیاندا عەراق، لە بناغەدا بەشیک لە پرۆژەی کۆلۆنیالیستی زایۆنیستی نەبوون لە فەلستیندا". بە تێوانینی ئەو، جووەکانی ئەم ولاتانە بە تایبەت لە عەراقدا، هۆگەکی داکوتراویان لەناو کەمالگاکانی خەیاندا هەبووە و لە جووبوونیاندا خەیان وەک گرووپی سەر بە ئاینێک ناساندووە نەک وەک نەتەوەیەکی جیاواز.

بەلام ڕووداوەکانی دوای شکشتپەهێنانی حکومەتەکەی ئێشید عالی گەیلانی لە ئازاری 1941 دا لەلایەن بەریتانیەکانەوە و ئەو بەشایی سیاسییەی کە دروستدەبێت لەو چەند ڕۆژەی دوایدا، جووەکانی بەغداد دووچاری گەرەترین زەربەی سیاسی دەکاتەوە لە مێژوودا کە بە پرسەی "فەرهود" ناسراوە. تالان و پەلاماردانی ماڵ و دووکانی جووەکانی بەغداد لەم ڕۆژەدا بە کوشتنی 250تا 300 جوو تەواو دەبێت . ئەم ڕووداوە برینەکی قوڵ لە دڵی جووەکانی بەغداد و عەراقدا هەڵدەکۆڵی

و لە لاوازکردنی هەستکردنی ئەوان بە ئارامی و ئاسایشدا لە کەمالگادا ، کاریگەری دادنێ. بەلام هەشتاش نایانگەنتە سەر بەیاری کەچکردن بە ئیسرائیل. بەنام لە 4ی مارسی سالی 1950 دا، حکومەتکەی تەفیق ئەلسوەیدی یاسای ژمارە 1ی سالی 1950 پەسەند دەکات . ئەم یاسا تازەیە وەک پاشکەی مەرسومی "اسقاط الجنسیە العراقیە" ژمارە 62 ی سالی 1933 دەست بەکار دەکات و بەپیی ئەم یاسا کەن و تازانە، هەر هاوەاتییەکی عەراقی مافی هاولاتیبوونی عەراقی لەدەستەندرێتەوە ئەگەر بە ئارەزووی خەی ولات جێبهەێت. سەرنجاکێس ئەوەیە کە حکوومەتی عەراقی لەدەرکردنی بەیاری لەسەندنەوەی ئینتیمای هاولاتیبووندا هیچ ەگریەکی لەسەر ماڵ و موڵکی ئەواندا دانابوو کە ولات جەدەلن، بەلام لە 8ی مارسی سالی 1951بریار لەسەر "تجمید"کردنی سەروەت و سامانی ئەو جووانە دەردەکات کە یاسای "اسقاط الجنسیە العراقیە" دەیگرتنەوە.
سەرنجەک لەم پرسە خرایەی سیاسەت، لە ئازاری 1941 وە بە ئازاری 1951، بەرژەوەندی ئینگلیز و ئەلمانیا لە ناوچەکە و ریزبەستنە جیهانییەکانی نیوان کەمنیزم و ناسیونالیزم و هەلکشانی ناسیونالیزمەکی فاشیستی کە لە ئەلمانیای نازیدا ئومێدەک دەبینتەوە بە وەستانەوە لەبەرانبەر داگیرکردنی ئینگلیزدا بەعەراق، بە هەردوو ناسوینالیزمی کوردی و عەرەبییش، ئەو کەش و هەوا ناسازگارەیە کە بە گوەرەی داتاکانی دەولەتی ئیسرائیل خەی، 124646 هەزار جووی عەراق لە نەوان سالەکانی 1948 تا 1953 دا عیراقیان جەهشتووە. بەگوومان ئەوەشمان بیر نەچێت کە زایەنیزم وەک تەرەفەکی دیکەی ئەم ململانە ناسیونالیستییە هەوساربەرەلایە ، بەشی خەی بەردەکەوێت.

رووداوەکانی دوای "فەرهود" و ئەو ئاوگەە یاسایانەی کە لە عەراقدا پەکدەن، هاوتەریبی هەرهەمان مەژووی مامەلەیە بە پرسی جوو لە ئەلمانیای نازیدا و "شەوی بلووری" نازیەکان ەنیشاندەری فاشیستەکانی عەراق بە دووپاتکردنەوەی ئەم شەوە لە رەژی رووناکدا لە بەغدادا بە هەمان بەەحمی و درندانە بوونی خەیەوە. ئەوەی لە عەراقدا دەگوزەرێ سەبارەت بە مامەلکردن بە یەکەک لە کەنترین ئاینزاکانی وەاتەکی وەک عەراقەوە، ناکرێ وەک کەچی ئارەزوومەندانەی جووەکانی عەراق سەیری بکرێت. بەلکو پرسەی "ترحیل و تهجیر"ەکی قەسری بووە کە هیچ ئازادییەک بە ئینسان ناهەێتەوە.
بە ئەوەی ئینسان کەمەک لە تەوانینە ئەنتیسەمیتیزمەکانی خەی بەتە دەرەوە و بە چاوەکی بەلایەنانەوە سەیری ئەم پرسەیە بکات، ئەوا

"ترحیل و تهجیر"ی کورد فەیلییەکان لە سەرەتایی سەدەکانی 1980ی عێراقدا نموونەیەکی زیندووە و بە سەدەها داوی بینراو و نەبینراوە هەمان نەخشە ووندەکاتەوە کە پێشتر لەسەر سەری جووەکاندا تاقیکرابووەوە.
ئەگەر ئەم شیکردنەوە سادەییەی سەرەوە بەشێک لە نەخشەی سیاسی و پاشخانی پلەیەکی پرسیاری: بە لەرە نەمانی باپیرە خایم بێت، ئەوا رەفتاری ڕابردووی خەلکی شاری سلەمانی، ئەو دەرخەرە قەدراوەیە کە جووەکانی ئەم شارە بخاتە سەر کەکەکەی پرسیاری: بە لەرە بین؟ **کە خەڵکی سلەمانییە؟**

"جوولەکە هەر جوولەکەیە، هەر جوولەکەیە، هەر جوولەکەیە…هتد"، (4) لەکەینەوەیەکی گەورەی 622 لاپەڕەیی (لارش . ئەم ئەندرسەنە) لەسەر ئەو گەڤارە ساتیریانەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا(1900-1930) ی سوێددا دەردەچوون. تەواوی مەتریالی ساتیرئاسای ئەو سەردەمەی سوید، بە کاریکاتێر و نوکتە و چیرۆکەکانیانەوە، قارەمانکی هەیە کە جووە. پرسیاری ئەندرسەن ئەوەیە، بۆچی جوو دەبێتە پاڵەوانی ئەم نوکتە و کاریکاتێرانەی سەرەتای سەدەی بیستی سوید؟ ئەو هەکارانەچین لە پشت بەرهەمهێنانەوەی ئەم وێنەیەی جووەوەیە؟ ئەگەرچیش جوولەکە لەو زەمەنە مەژووییەی سوێددا، بەبەراورد بە ولاتەکانی دیکەی ئەوروپادا، ژمارەیەکی ئەجگار کەمن.
بەناو گوتاری ئەنتیسیمیتیزم(دژایەتی جوو) لە سویدیشدا وەک سەرتاسەری ناوچەکانی ئەوروپا گەورەیە. ئاخر ئەم گوتارە گەورەترین پانتایی لە هۆشبیری ئەوروپادا داگیر کردووە و لە تەواوی پرۆژە فیکری و ئەدەبی و سیاسییەکانی ئەوروپادا، ئەنتیسیمیتیزم، جێگای هەیە.
ئینسانی جوو لە تەواوی ڕۆژنامە ساتیرییەکانی ئەم سەردەمدا، لە بچووکترین جوڵەیەوە بە گەورەترینی، جێگای تێنزە. پیاوی جوو لە پیاوی ئاسایی ناچێت. ژنانی ترن و هەتا بڵێی ناشیرینن. ژنەکانیان وەک پیاوانی جوو چاوچنۆک و پارەپەرستن. نە ئیتواڵە ئایینییەکانیان لە ئیتواڵەکی ئایینی دەچێت، نە سەکسکردنیان. زەواجیان پرسیەکی تەواو بازرگانییە. ئیسانی جوو پیسوپۆخڵ، نە لەبەر ئەوەی خەی ناشوات، بەڵکو بەهەی ئەوەوەی کە کارەکەی پۆخڵە.
بەڵام ئەندرسەن وەلامی ئەو پرسیارانە لەوەدا دەبینێتەوە کە ئەم زەمەنە مەژووییە سوید، هاوکاتە بە شێوەلە گەورەکانی مەدەرنیتە و پرسەی دروستکردنی نەتەوەی سویدەوە.
ئەندرسەن دەنووسێت:" لەناو گەڤارە ساتیرییە ناودارەکانی ئەو

سەردەمدا بوو کە دید و بۆچوونی تۆزانێ سەبارەت بە شوناسی نەتەوەیی خوڵقێنرا. سوێدیبوون وەک دژێکی ئەوی دیکەی جوو پێناسەدەکرا، ئانتیسیمیتیزمیش بووە ئاو گوتارەی گرنگەی کە بە هۆیە وەسفی ئاوە بکرێت کە سوێدیە".
تەنگە بیرکردنەوەیەکی قوڵی تەئریت پێویست نەبەت بە ئاوەی بۆ دەرئەنجامە بگەیت کە پرسەی دروستکردنی شوناس و دووبارە تەخکردنەوەی سنوورکانی شوناسی گروپی خۆ، پێویستی "بۆوی دی"یەکی سەر بە گرووپێکی دیکە هۆیە تا پرسەکە مەیسەر بەت. بوونی گروپێکی ئاینی دیکەی وەک جوو و ئامادەیی گوتاری ئانتیسیمیتیزم بۆ شاوە فراوانییە گەردوونییە و مەژووییەی کە لای ئەمە هۆیە، زەر ئاسان دەکرە بەکار بهێنرەت بە پێناسەکردنی شووناسی خۆ لە شارێکی وەک سلێمانیدا. لە کاتێکدا کە شوناسی کوردبوون لاو زەمەندا لە سەرتاکانی شکڵگرتنی خۆیدایە و شار وردە وردە چەکەرکانی شاربوون لە ناویدا چردەکات. بۆیە دوورخستنەوەی "ئاوانی دی" غەیری کوردی موسوڵمان لە جەرگەی شارەوە و نیشتەجێکردنییان لای گواوی شارەوە، بەرلەوەی دەرئەنجامی ماستەرپلانێکی ئیداری شار بەت، دەرئەنجامی سنوورجیاکردنەوەیەکی کەمڵایەتیە کڵاسەر بنەماکانی ئینتیمای ئاینئ "ئاوانی دی" غەیری کود و غەیری موسوڵمانەوە ئیلهام وەردەگرەت.

بە بۆای من سلێمانی ئاگەر چی تێکەڵەیەکی هەمە تەنگە لە ئینسانی دەهات، ئەرانی، مەسیحی و تۆزگارێکیش جوولەکە و چەندەها گروپی دیکە کە ناکرەت بژمەردرەن، پێکهاتووە. ئەم شارە دەکاتە شارێکی هەتەرجەن، واتا تێکەڵەیەک لە کەسانی لەیەکنەچوو. بۆلام ئاو شوناسەی کە وەک دروستکراوێکی کەمڵایەتی شوناسی ئەم شارە پێناسەدەکاتەوە، دەیکاتە شووناسێک بە گرووپێکی هەمەجەن. واتا لەیەک چوو. بەیەش جیاوازی لە ناویدا دەبە بتووانرەتەوە یان بۆ جەرە قبووبکرەت کە مسافەاگرتنی سنوورکانی گرووپی خۆ لەگەڵ ئاوانی دیدا مسۆگەردەکات.
جوولەکەبوون و مەسیحیبوون لە شارێکی وەک سلێمانیدا، تەنها لە ماڵدا وەک شوناسی خۆ دەمێنەتەوە. ئەندامانی ئەم گرووپانە لەدەرەوە کوردن و لە ماڵیشەوە بەیان هۆیە لە دەخی مەسیحیکاندا، مەسیحی بن و لە دەخی جووکاندا، لە ماڵیشدا بە ئاوەی جوو بن، دەبە تەحەمولی بەردبارانکردن و سووکایەتیپێکردنیش ببنەوە.
ئاوەی ئەمە لە جەدەلەکانی کەمڵگای فرەکولتەریدا وەک سیاسەت باسیلەدەکرەت ئاویە کە ئایا دەولەت پێیرەوی لە سیاسەتی ئانتیگراسیۆنی کۆچبەران دەکات یان بەشۆن ئاسیمیلازسیۆنیانەویە.

یەکەمیان بەواتای ئاوەزانکردنیان و تێکەلاوکردنییان لەناو کەلەگای تازەدا و دووەمیشیان بەمانای تواندنەوەیانە لە ناو کولتووری ولاتی نوێدا بێ گومانی پێشینە ئاینی و کولتووریەکانیان. لە دەخی جوو و مەسیحیەکانی شارێکی وەک سلیمانیدا، تواندنەوەی ئەوان لە ڕووبەری گشتیدا بە زۆقی هەستی پێدەکرێت. واتا ئاسیمیلازیشنێکردنیان. بەڵام بەوەی ئینتیماکانی گرووپی جوو، هێندە وەک هەرشێیکی بەهێز بەسەر سنورەکانی گرووپی خۆ سەرنجدەدرێت، لە "گێتۆ"کردنیان دەبێتە واقیعێتکی تاڵ. بێ بەوای من، بەرلەوەی نازیستەکان یەکەمین گێتۆ بۆ جووەکانی پۆلۆنیا دروست بکەن کە بە گێتۆی وارشۆ ناودەبرێت لە مێژوودا. گەڕەکی جوولەکان دەبێتە یەکەمین گێتۆیەک کە ئەنتیسیمیتیزمی کوردی سنووردانی بەدووردا دەکەشێت. ئینسان زۆر سادە لە تێپەڕانی نوکتەکانی سەمانییەوە بە گرووپە جۆراوجۆرەکانی ئەم شارە، هەستدەکات کە کی دەخرێتە دەرەوەی ئەم پیکەوە ژیانییەی سلەمانییەکان.

دوا وتە.

لە هەفتەی دژی ڕاسیزمدا لە سوید، لە پیرەمێردێکی شاری یێتەبۆری دەپرسن: " بە بۆای تۆ، کە خەڵکی یێتەبۆرییە؟" ئەو لە وەڵامدا دەڵێ:" ئەو کەسە خەڵکی یێتەبۆرییە کە لە شاری یێتەبۆریدا لە دایکبووە". پاش کەمێك وەستان، درێژە بە وەڵامەکەی خۆی دەدات و بەردەوامدەبێت:" یان لە هەر سووچێکی دیکەی دنیادا." بە لێدانی دووبەشی وەڵامەکە: ئەو کەسە خەڵکی یێتەبۆرییە کە لە شاری یێتەبۆریدا لە دایکبووە یان لە هەر سووچێکی دیکەی دنیادا.

بەڵام سەرنجدانێکی بەشی یەکەمی وەڵامی پرسیارەکە، واتا :" ئەو کەسە خەڵکی یێتەبۆرییە کە لە شاری یێتەبۆریدا لە دایکبووە"، بە بێ بیستنی درێژەی وەڵام، بە مانای کردنەدەرەوەی سەدەها هەزار ئینسانی دیکەی ئەمێی سەر زەمینە کە لە سوێددا گیرساونەتەوە و بەبەشکردنی ئەوانە لەو پێکەوەژیانییەی ئەمێیان لەم وڵاتەدا. یێتەبۆری بە تەنها شاری ئەوانەیە کە تیایدا لەدایکبوون ، بە مانایەکی دی، دەبێتە پەیامی ئەو هەزە ڕاستڕەوانەی کە خوازیاری دیپەرتکردنەوەی کۆچبەرانن بێ ولاتەکەی خۆیان. بەڵام بەشی دووەمی وەڵامەکە، هێندە باوەشکی فراوانەکاتەوە، کە ئیدی هیچ نامۆیەك خۆی بە غەریب نازانێ لەم تێڕوانینەدا.

جووەکانی کوردستان و سلەمانی، ئەو نامۆیانە بوون کە قەت وەک هاولاتی ئەم ولاتە مامەلەیان پێنەکرا ئەگەر چیش لەسەر زەمینی ئەم ولاتەدا لە دایک بوون. ناونەهێنانی ئەم مێژووە خونەاویەی کەمایەتیەکی هێندە گەورەی ئەم شارە لەلایەن سیاسی و مێژوونووس و

شاعیرێ ناودارکانیانەوە بە دڵنیاییەوە گەرەوەی ئەوێیە کە ژیان و حورمەتی ئینسانی ئەم هاوڵاتییانەی شارەکە ، هیچ شایەنی ئاوەڵدانەوە نەبووە. ئەوەی کە لەمێدا دەکرێ لێرە و لەوێ باس لە جووڵەکانی شار بکرێت، قسەوباسکردنە لە جووڵەکانی دوینێ لەمێدا لە گۆشەنیگای نوستالیژیایەوە . واتا سەرنجدان لە دوێنێیەک کە لەمێدا ئامادەیی نیە بە دڵنیایدانەوە و کەمکردنەوەی هەستی "ویژدانناحەتی"ی کەلەکتیفی خەلکی ئەم شارە.
بە بەوای من، لە پاڵ ئەو کێش و هەوا سیاسییەی کە لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، بەشێکی گەورەی دوورخستنەوەی جووڵەکان و ناچارکردنیان بە جیهێشتنی ئەم شارە، لە بڕەوی گوتاری ئەنتیسیمیتیزمی کوردی و سەرنجدانە لە گروپی خۆ وەک گروپێکی هەمەجۆن کە جیگا بە هیچ جیاوازییەکی کولتووری و ئایینی و لقەکولتووری ناهێیتەوە. ئەم تێروانینە لەمڕدا و لە پاش چەندین ساڵ نەمانی جوو لەسەر زەمینی شار، بە هەمان بەهێزی خۆیەوە درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. بوونی تێروانینەکی ئاینی لەمێدا کە داعش بەرهەمدەهێنی لە تێروانین بە ئەوی دی غەیری موسولماندا پێویستی بە وەبیرهێنانەوە نییە. لە لایەکی دیکەوە، دەربڕینەکانی خەلکی "شارە حەیاتەکە" کە وەک دەربڕینەکی جگرتوو بەربەاو لە هەموو شوێنکدا دەبیسترێت، کەناڵەکانی ئاوزانبوون و ئینتیمابوون بە شوناسەکانی کوردبوون و سڵماندنبوون لەبەردەمی هەموو ئەو گروپە جیاوازانەدا دادخات کە لەمێدا لە کوردستاندا ئامادەییان هەیە. ئاخر چیرەکی :" ئەوان ئەمە لێرە نین" ، هیچ شتێک نییە جگە لە گێرانەوەی چیرەکی کردنەدەرەوەی "ئەوانی دی" کە لە دوێنێدا، خەلکی شارە حەیاتەکە نەبوون.

بەکر ئەحمەد
10-08-2023

Steohané Bruchfelt och Paul A. Levine , Om detta må ni -1
berätta – Forum för levande historia

2 میران ئەبراهام نیشتیمانی سارا ناوندی کەپر و پرۆژەی کولتور
2020
3 عباس شبلاق موسسە الدراسات الفلسطینیە

Lars M Andersson, En jude är en jude är en jude, Academic -4
press 2000